# جیهانی منداڵان

گۆڤارێکی ئەدەبی و هونەرییە دەربارەی لاوان و بەساڵاچوان

ژمارە ٢٨




سەرهەڵدانی نەوەی نوێ

www.byare.se/alikitabi.htm

*Barnens värld är en tidskrift*

*Om barnens livsvillkor världen över*



مەهاباد قەرەداغی

## ڕۆڵ و کاریگەری ژن و پەروەردە لە بنیاتنانی کلتووری دیموکراتی و کۆمەڵگەی سیڤیلدا

پێشەکی:

دیموکراسی ناوێ نیە لە دیاردەیەک بنرێت. دیموکرات ناوڵناوێکە و مەرجە ئەو دیاردەیەی کە هەڵیدەگرێ خاوەنی کۆمەڵێ سیفەت بێت ، یان ئەو کەسەی کە پێی دەوترێت کەسێکی دیموکرات، هەڵگری کۆمەڵێ ئاکار و مۆراڵی تایبەت بێت. واتە نۆرمێک هەبێ لەو ژینگە و کۆمەڵگەیەدا بۆ پەیڕەویکردن، کە لە سەر بناغەی پێوەرەکانی یەکسانی، دادپەروەری و مافی مرۆڤ دارێژرابێت. نۆرمێکی لەو جۆرە لە کلتوورێکدا دەبێتە زەمینەیەک بۆ دروستبوونی مرۆڤی ڕەوشتدیموکرات. مرۆڤێکی ئاکاردیموکراتیش لە بەرهەمهێنانەوەی نۆرم و ئرخاندنی دیموکراتیدا ڕۆڵ دەبینێتەوە. کەواتە سوڕی ژیانی کلتووری دیموکراتی بەو شێوەیەیە کە، مرۆڤێکی ڕەوشتدیموکرات لە بەرهەمهێنانەوەی نۆرمەکانی دیموکراتیدا بەشداری کارای دەبێت و نۆرمەکانیش دووبارە پەیڕەوی دەکرێنەوە و خۆیان بەرهەم دەهێننەوە. هەردووکیان بە بەردەوامی یەک یەکتری بەرهەم دەهێنێتەوە. هەروەک چۆن زەبروزەنگ، جەنگ و زەبروزەنگ بەرهەمدەهێنێتەوە، بێدادی و نادادپەروەری تاوانی لێ دەبێتەوە، ئەمانەش دەبنە هۆی دروستکردنی کۆمەڵێ نۆرمی نائاسایی و یاسای جەنگەڵ لە کۆمەڵگەدا، بە هەمان شێوەش دادپەروەری و یەکسانی و مافپەروەریش خۆیان بەرهەم دەهێننەوە و دیاردەی جوان و مرۆڤانەیان لێ دەبێتەوە. لە دۆخی دووەمدا، واتە لە دۆخی بەرهەمهێنانی نۆرمی دیموکراتی و مرۆڤی ڕەوشت دیموکراتدا، کلتوورێکی دیموکراتی دەچەسپێ و دەبێتە بناغەیەکی دڵنیا بۆ کۆمەڵگەی سیڤیل. کەواتە بناغەیەکی جێگیر و دڵنیا بۆ دروستکردنی کەسایەتیەکی ئاکاردیموکرات، سیستەمی پەروەردەیە. پەروەردە بە مانا فراوانەکەی کە وەک هاوسەنگییەک لە ماڵ و لە قوتابخانە و لە ناو دامودەزگا کۆمەڵایەتیەکان و، لە ناو سیستەمی دەسەڵاتی سیاسیدا پەیڕەوی بکرێت. مرۆڤی خۆی خاوەنی ڕەوشتی دیموکراتی نەبێت ناتوانێ پەیڕەوی ڕێساکانی دیموکراتی بکات. زۆر سەختە مرۆڤی هەموو تەمەنی خۆی لە سایەی نۆرم و نرخاندن و پەروەردەی نادیموکراتیدا بەسەربردبێت و، لە پڕ بتوانێ ڕێساکانی دیموکراتی قبوڵ بکات و پەیڕەوی بکات. مەبەستم ئەوەیە مرۆڤێکی گەورەساڵ کە قۆناغەکانی تەمەنی لە ناو کلتووری زەبروزەنگ و دانیەیەکتردا نەنان و زەبروزەنگدا بە سەر بردبێت و ئەم کلتوورەش ڕەنگدانەوەی هەبووبێ لە ڕەوشت و کەسایەتی ئەمدا، لە پڕ ببێت بە کەسێکی دیموکرات و لە سیستەمی دەسەڵاتی سیاسیدا پرۆسەکە وەک پێویست بەڕێوەببات. بۆیە پەروەردەکردنی مرۆڤ و چەسپاندنی ڕەوشتی دیموکراتی لە تاکێکی کۆمەڵگەدا پێویستە لە قۆناغەکانی هەوەڵی تەمەنییەوە دەست پێ بکات و وەک پرۆسەیەکی ئاسایی بەڕێوە بچێت، لە خێزان و لە باخچەی ساوایان و لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا پلانی زانستی بۆ بنیاتنانی کەسایەتی سیفەتدیموکرات لە تاکەکانی کۆمەڵگە، دابنرێت. واتە بەردەوام پەروەردەبکرێن. لە پرۆسەکانی پەروەردەکردنیشدا ژن دەتوانێ چ لە خێزان و چ لە قوتابخانەکان و لە ناو کۆمەڵگەدا بە گشتی ڕۆڵی کاریگەر ببینێ و، بۆ گێڕانی ئەو

ڕۆڵەش پێویستە ئاستەنگییەکان لەبەردەمیدا هەڵبگیرێن و خاوەنی توانا و باوەڕی پێەو بێت.

## ڕۆڵی پەروەردە لە دروستکردنی کەسایەتی مرۆڤدا:

سێ دامەزراو بەشداری لە دروستبوونی کەسایەتی مرۆڤدا دەکەن ، بە هاوبەشی و بە جیاجیا و لە قۆناغی جیاجیای ژیانی مرۆڤداو، لە سەر ئاستی جیاوازدا کاریگەری و ڕۆڵی خۆیان لە پەروەردەکردن و، لە ئاکامیشدا لە کەسایەتی مرۆڤدا دادەنێن. بە زنجیرەیی دامەزراوەکان دەبن بە

### یەکەم: دامەزراوی خێزان.

قۆناغی بەخێوکردن و پەروەردەکردن: لە تەمەنی منداڵدا دەبێتە ئەرکی سەرەکی دامەزراوی خێزان. ساوایەتی ئەو قۆناغەیە کە دایک بە پلەی یەکەم و باوک بە پلەی دووەم بەخێوی دەکات و پەروەردەی دەکات. بە خێوکردن و پەروەردەکردن دوو ئەرکی جیاوازی دایک و باوکن. بەخێوکردن گەشەدانە بە باری فیزیکی ئەو ساوایە لە ئەنجامی دابینکردنی پێداویستییە فیزیکییە سەرەتاییەکانی وەکو: خواردن، خواردنەوە و جلوبەرگ. پەروەردەکردنیش گەشەدانە بە ئاوەز و خەیاڵ و دەروونی منداڵ، لە ئەنجامی دابینکردنی پێداویستییە دەروونییەکان ، کە بە هۆی سۆز و خۆشەویستی، دروستکردنی کەشی دڵنیا بۆی و، ئاراستەکردنی بۆ ڕێبازی ژیان، دابین دەبێت.

### دووەم: دامەزراوی خوێندگە.

قۆناغی پەروەردە و فێرکردن : لە دووەم دامەزراودا هەردوو ئەرک و ئامانجی پەروەردە و فێرکردن هاوتەریب بەڕێوە دەچن. واتە لە خوێندنگەدا، دوو ئامانج دیاری کراوە، مرۆڤ پەروەردەبکرێت کە دەبێ هاوئاهەنگ و هاوتەریب بێت لەگەڵ پەروەردەی خێزان و ڕۆڵی خێزاندا. هەروەها فێر بکرێت و ئەیار بکرێت بە زانیاربێدان و دۆزینەوەی توانا ئاوەزییەکانی منداڵ. مامۆستا لەم قۆناغەدا خاوەنی کاریگەرییە. ئەم قۆناغە بۆ منداڵ سەرەتای بە کۆمەڵایەتی بوونێتی و ئەم پرۆسەیەش بە درێژایی قۆناغی قوتابخانە بەردەوام دەبێت.

### سێیەم:دامەزراوی کۆمەڵگە.

قۆناغی دروستبوونی ناسنامە: لە سێیەم قۆناغدا، خێزان ئەرکی لاوەکی و تاک خۆی و بە هاوئاهەنگی لەگەڵ کۆمەڵگەدا و بە هۆی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە، ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە گەشەدان بە ناسنامەی هەر تاکێک. دامەزراوەکانی ناو کۆمەڵگە و، بە تایبەتیش دام و دەزگاکانی دەوڵەت لە گەشەدان بە کەسایەتی مرۆڤ و چەسپاندنی ناسنامەیدا ڕۆڵ دەبینن. بە واتایەکی تر دەسەڵاتی سیاسی دەوڵەت و، دەسەڵاتی کلتووری لە کۆمەڵگەدا و، ئەو نۆرم و پێوەرانەی کە دەوڵەت کاریان پێدەکات و دەیانکات بە یاسا. هەروەها ئەو نۆرمانەی کە لە کلتووردا ڕۆڵی یاسای نەنووسراو یان ڕێسا دەبینن هاوئاهەنگی دەکەن لە شێوەگرتنی کەسایەتی مرۆڤدا.

**ڕۆڵی ژن لەم پەیوەندیەدا:** دایک یەکەمین پەروەردەکاری مرۆیە. کاری پەروەردەش وەک ژان ژاک ڕۆسۆ دەڵێ ئەرکێکی خەتەرە. لێرەدا مەبەست لە خەتەر هەستیاری و ترسناکی ئەو قۆناغەیە کە منداڵ لە دۆخی بەردەوام وەرگرتنی نۆرمەکانە لە پەروەردەکارەکانەوە. دایک پێدەرێکی سەرەکی نۆرمە بە منداڵ. ئەو نۆرمانەی کە خۆی هەیەتی و ئەو ڕێبازی ژیانەی کە باوەڕی پێیەتی لە ڕێگەی پەروەردەوە ڕۆژانە دەیبەخشێت بە نەوەکان. ژنێکی خاوەن توانا و کەسایەتییەکی باوەڕبەخۆ و هۆشیار، کەسایەتییەکی بە هەمان شێوە دەبەخشێتە قوتابخانە و کۆمەڵگە. بە پێچەوانەشەوە، ژنێکی بێبار و بێئەرک، ژنێکی ناهوشیار و کەمتوانا کەسایەتییەکی بە هەمان شێوە دەیبەخشێتە دەرەوەی خێزان.

نزیکەی وەکو نۆرمێکی لێ هاتووە کە کاری مامۆستایەتی و پەروەردە لە قوتابخانەشدا بە ژن سپێردرا بێت، بۆیە دەبینین لە زۆربەی ولاتانی دنیادا زۆرتر ژنان مامۆستان. کەواتە لە قوتابخانەشدا بەشێکی بەرچاوی ئەرکی پەروەردەکردن و فێرکردن دەکەوێتە ئەستۆی ژن. مامۆستایەکی بە پرنسیپ و هۆشیار ئەرکی کۆمەڵگە سووک دەکاتەوە لەوەی قوتابییەکی بە پرنسیپ بۆ

کۆمەڵگە بەرهەم بهێنێ و، تاکی خاوەن ناسنامە بیەخشێتە کۆمەڵگە، پێچەوانەکەشی ڕاستە.

کەواتە پەروەردەکار دەبێ خۆی خاوەنی ئاکار و موراڵی ژیاندۆستانە، مرۆڤدۆستانە، دادپەروەرانە و یەکسانیخوازانە بێت، تا بەرهەمێکی هاوشێوە بداتە دەرەوە. کەواتە ئەگەر نیاز لە گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەدا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوە بێت کە بەرەو کلتوورێکی دیموکراسی هەنگاو بنرێت و کۆمەڵگەی سیڤیل پێک بێت، پێویستە وەک هەنگاوی بناغەیی و گومانهەڵنەگر، وەک سەرەکیترین زەمینە بۆ کلتووری دیموکراسی ، بیر لە پەروەردە و پەروەردەکار بکرێتەوە. ئەم مەبەستەش مەحاڵە بێتە دی، ئەگەر بیر لە بلندبوونەوەی پایەی ژن و بیناکردنەوەی کەسایەتی ژن نەکرێتەوە، تا نەوەیەک ژنی خاوەن توانا و کەسایەتی ، ژنی چالاک و هوشیار پەیدا نەبێت، مەحاڵە نەوەیەک کوڕ و کچی ئاکاردیموکرات پێک بێت و کۆمەڵگەی سیڤیل دروست بێ، دروستبوونی کلتوورێکی دیموکراسی بێ ئازادبوونی ژن، بێ بەشداری کارای ژن، بێ پەروەردەیەکی زانستی و فرەمیتۆد، بێ جیاکردنەوەی یاسا و ڕێسا، دەکرێ بڵێین مەحاڵە.

## ڕیالیتەی ژن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە کوردستاندا:

ژن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە گشتی بێبەرییە لە ماف ، بەڵام ئەرک دەکێشێ، ئەرکی ژن لە ناو خێزاندا ئەرکێکی نەریتی دایک و خوشک و هاوسەرە، کە بریتی بووە لە خزمەتکردنی ئەوانیتر. هەروەها بەشێکی ژن لە بازاڕی کاریشدا وەک فەرمانبەر و، مامۆستا و پزیشک و ئەندازیار و هتد ئەرکی کێشاوە. بەرامبەر بەو ئەرکانەی نە لە خێزان و نە لە کۆمەڵگەدا مافێکی هاوسانی بۆ ڕەوە نەبینراوە. کەسایەتی ژن لە ڕۆژهەڵاتدا، کز و زەلیل، بێباوەڕ بە خۆ، بێبەرپرسیارێتی و پاسیڤ بووە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەرکی پەروەردەکردنی پێ سپێردراوە و، بێگومان لە دایکێکی بێماف ، بێ ئەرک، بێ بەرپرسیارێتی و بێناسنامە ، ناکرێ بەرهەمێکی پێچەوانە بێتە ناو کۆمەڵگە. بەڵکە نەوەکانیش بە هەمان شێوە خاوەنی کەسایەتییەکی کارا و باوەڕبەخۆ، بە ئەرک و بەرپرسیار نابن. کەسایەتی دایک بڕیاردەرە لەوەی نەوەکانی بە کوڕ و کچەوە خاوەنی چۆن کەسایەتییەک دەبن لە دوارۆژدا.

ئەگەر باسی ژنی کوردیش بە تایبەتی بکەین، کەمایەسی ئەوەشی دەبێتە سەربار کە وەک ئەندامی نەتەوەیەکی ژێردەست بێبەرییە لە هەردوو جۆری ناسنامە کە من لێرەدا یەکەمیان ناودەنێم **میکرۆناسنامە** و، دووەمیان ناودەنێم **ماکرۆناسنامە**.

میکرۆناسنامە لە سەر ئاستی تاکدایە. ناسنامەیەک وەکو تاکێکی ژن کە تایبەتمەندێتی هەیە و جیایە لەویتر(پیاو) ، جیاواز بە مانا پۆزەتیفەکەی، کە هەموو تاکێک دەبێ خاوەنی ناسنامەیەکی بەرجەستە بێت . ماکرۆناسنامە لە سەر ئاستی نیونەتەوەییدایە. ناسنامەیەک وەکو کورد کە خاوەنی خەسڵەتی تایبەتی سیاسی و کلتووری خۆی بێت و بەو خەسڵەتانەوە بناسرێت و بناسێنرێت.

ژنی کورد، دایکێکی دڵسۆز، هاوسەرێکی بەوەفا، خوشکێکی خزمەتگوزار بووە، بەڵام هاوکات دایکێکی زەلیل ، هاوسەرێکی وابەستە و خوشکێکی پابەند بووە. کە ئەمانە سیفەتەکانی کەسی بێناسنامەن. دەسەڵات لە خێزانی کورددا هەرەمییە و، لە هەرەمی خێزانیشدا ئەگەر چی دایک ڕۆڵی پەروەردە دەبینێ و ئەرکی سەرەکی خێزان وەئەستۆ دەگرێ و دەبێ هاوشانی باوک بێت، بەڵام بە پێچەوانەوە لە هەرەمی دامەزراوی خێزاندا، دایک و کچەکانی دەخرێنە پایین و، باوک لە لووتکەی هەرەمەکەدا سەقامدەگرێ و، کوڕەکانیشی لە پلەیەکی خوارتر لە باوک، لە پاینیشدا کچەکان لە پلەیەکی خواردوەتری دایک، واتە خوارترین پلەی هەرەمی دەسەڵات، کە لەم پەیوەندییەدا دەبێتە سەرەووترین پلەی بێدەسەڵاتی.

ئێستا و لەم قۆناغەدا باس لە دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگە و، دیموکراتیزەکردنی سیستەمی دەسەڵات دەکرێت لە کوردستاندا، بە تایبەتی لە دوای ڕوخاندنی ڕژێمی بەعس،

ڕژێمی بەعس و، کلتووری خێڵ کە بەعس برەوی پێدابوو، پێکەوە و لە مەودایەکی دوور و درێژدا کاریگەریی زۆر نێگەتیڤیان کردۆتە سەر کۆمەڵگەی کورد. بەڵام هێشتاش دەتوانین باوەڕ بەوە بێنین کە دەکرێ گۆڕانکاری بنەڕەتی لە بیرو باوەڕی خەڵکی کورد و، لە ناو کلتووری کوردیدا پێک بهێنین، بە مەرجێ ئەگەر هەنگاوەکان بەرنامەبۆدارێژراو بن و میکانیزمەکانی کارکردن بۆ ئەو پرۆسەیە بە شێوەیەکی زانستی و بۆ مەبەستی گۆڕانکاری ڕیشەیی بن و ماوە بدەین و پەلەنەکەین لە بینینی ئەنجامەکان، چونکە پرۆسەیەکە بە تایبەتی لە کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە بنەمایەکی تا سەرئێسقان باوکسالارانە و تۆتالیتاری هەبووە و سیستەمی سیاسەت و ئایین تێکەڵ بە یەکتری بوون.

ئەگەر لەم قۆناغەدا بایەخێکی سەرەکی بە گۆڕینی سەرتاپاگیری سیستەمی پەروەردە نەدرێت و، ئەگەر کادیری پەروەردەیی (پەروەردەکار) ی ڕەوشتدیموکرات بۆ ئەم پرۆسەیە ڕانەهێندرێن، دیموکراتیزەکردن دەبێتە کارێکی سەختی بە ئاکامنەگەیشتوو. ژنان دەکرێ کادیری پەروەردەیی زۆر سەرکەوتوو بن بە هۆی سروشتی خۆیان کە بەرهەمهێنەری نەوەکانن و، سروشتی کاری پەروەردەیی، کە لە کەسایەتی ژن نزیکترە وەک لە پیاو. تەیار کردنی ژنانی کوردستان بە زانست و زانیاری، بە بایەخپێدان و پلەپێدان، پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگە خێراتر دەکاتەوە.

## میکانیزمەکانی دیموکراتیزەکردن:

ئەگەر کۆک بین لەسەر ئەوەی دیموکراتی ڕەوشتە، ڕەوشتیش خۆی دیاردەیەکی ئەبستراکتە، بەدەرە لە پێنج هەستەکەی مرۆڤ و ناکرێ ببەخشرێ و وەربگیردرێ، دەگەینە ئەو باوەڕەی کە دیموکراتی پەروەردەبوون و گۆشبوون و فێربوونە، واتە لە باوەشی دایکەوە دەستپێدەکات و لەگەڵ شیری دایکدا دەدرێ بە منداڵ و پرۆسەکە لەوێوە دەست پێدەکات و تا دواقۆناغی ژیان بەردەوام دەبێت. بە واتایەکی تر، پەروەردەکردنی دیموکراتیانە نە لە باخچەی ساوایانەوە دەست پێدەکات و نە لە زانکۆکاندا کۆتایی پێ دێت، بەڵکو لە باوەشی دایکەوە دەست پێدەکات و بە کۆتایی ژیان کۆتایی دێت. لەم پرۆسەیەدا دایک بنەڕەتە. کە ژن بنەڕەت بێت بۆ ئەم پرۆسەیە، مەحاڵە بە پشتگوێخستنی ڕۆڵ و کاریگەریتی ئەو ئەم پرۆسەیە بتوانێ بکەوێتە ڕێ. بەڵکە تەنها دەبێتە خەونێکی بەدینەهاتوو. دەستەکانی دایک یەکەمین باڵبێوەنەری ڕەوڕەوەی پرۆسەی دیموکراتی دەبێت، بۆیە دەبێت پایەی ژن لە کۆمەڵگە و خێزان و لە دامودەزگا کلتووری و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەکاندا بڵند بێ و، لای کەم هاوسانی پلە و پایەی پیاو بێت.

بۆ ئەم مەبەستەش، واتە بۆ بڵندکردنەوەی پایەی ژن لە کۆمەڵگەدا دەکرێ میکانیزمی جۆربەجۆر بەکاربهێنرێت، بۆ نموونە:

- ڕادەی خوێندەواری ژنان و پیاوان بڵند بکرێتەوە و، لە ماوەیەکی دیاریکراودا و بە بەرنامەیەکی بۆدارێژراو بگەیەندرێتە ڕێژەی 100%. ئەمەش دەکرێ لە سیستەمی پەروەردەدا بە یاسای سەپاندنی خوێندنی بەزۆر و بە خۆڕایی بچەسپێندرێت.
- ڕادەی هوشیاری ژنان و پیاوان بڵندبکرێتەوە، ئەمەش دەکرێ بە فەراهەمکردنی دەیان جۆری کۆرسی تایبەتی کە دامەزراوە کلتووری و کۆمەڵایەتی و یاسایی و ئابووری و سیاسییەکان پێی هەڵسن بکرێت. واتە تەنها خوێندەواری بەس نییە بۆ ئەوەی مرۆ لە ماف و لە ئەرکەکانی خۆی بگات، بەڵکە ڕێنومایی‌کردن و زەمینەخۆشکردن بۆ پیادەبوونی ئەو ئەرک و مافانەی کە هەیانە لە سەر ئاستی تاک و خێزان و دامەزراوەکانی کۆمەڵگە و دەوڵەت.
- سڕینەوەی هەموو جۆرە ئاسەوارێکی کلتووری خێڵەکێتی و عەشیرەت و تایفەگەری، بۆ ئەم

مەبەستەش بەگەڕخستنی هەموو کەناڵەکانی پەیوەندی کردن و ڕاگەیاندن، واتە ڕێک بە پێچەوانەی ئێستاوە،کە زۆرێک لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن خەریکی پیاهەڵدان و زەقکردنەوە و تۆخکردنەوە و برەوپێدانەی خێڵ و سەرەک خێڵ و کلتووری خێڵن، ڕۆڵێکی پێچەوانەی ئێستا بگێڕن و لە مەترسییەکانی ئەو کلتووری خێڵە بدوێن کە ئاستەنگی بەردەم هەموو هەنگاوێکی پێشکەوتنخوازانەیە و کۆمەڵگە لە گەشەسەندن دەسەوتێنێت.

- ئەو حیزبە سیاسییانەی کە برەو بە ڕەوشتی نادیموکراتیانەی تایفەگەریتی دەدەن و ڕۆحی تۆڵەسەندنەوە و زەبروزەنگ لە ناو کلتووری کوردیدا دەچێنن و بوونەتەهۆی بەرهەمهێنانی کلتوورێکی زەبروزەنگئامێز و ، بایەخ بە ژن، بە منداڵ، بە پەروەردە . بە دامودەزگای کۆمەڵایەتی و بە دامودەزگای یاسایی نادەن و، هەموو ئەو دەزگایانەیان پەیوەند و پەیوەست کردووە بە خۆیانەوە، پێویستە یان بەرنامەی خۆیان ڕێک بە پێچەوانەی بەرنامە و پەیڕەوەکانی ئێستایان بگۆڕن، کە دەبێت 180 پلە پێچەوانەی پەیڕەوەکانی ئێستایان بێت، یان پێویستە هەڵبوەشێنەوە و، ڕێکخراوی سیاسی مۆدێرن و دیموکرات لە دایک بین.
- سیستەمی پەروەردە لە کوردستاندا دەبێ لە ئەمڕۆدا کە سەرەتای گۆڕانکاری ڕیشەییە، ببێتە سیستەمێکی ئازاد و وەک دامەزراوێکی زانستی سەربەخۆ و بێلایەن کاری پەروەردە و فێرکردن ڕایەڕێنێ. بۆ ئەم مەبەستەش پلانی فێرکردن پێویستە 100% بگۆڕدرێ، چونکە ئەمەی ئێستا پەیڕەوی دەکرێت و بە دار و بە تەلقین زانست و پەروەردەی چەواشە دەبەخشێ، تەنها کۆیلە پەروەردە دەکات و کۆمەڵگەیەکی کۆیلە پێشکەش بە کۆمەڵگەی دنیا دەکات. میتودەکانی پەروەردەکردن و فێرکردن جۆراوجۆر بکرێت و، لە ئەزموونی پەروەردەکارانی جیهان و زانا و پسپۆرانی دنیا سوود وەربگیردرێت.
- بەرنامەیەک بۆ ڕێکخستنی خێزان لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتی ژیان و گوزەران دابنرێت. لە پشت هەر یەکێک لە تاکەکانی خێزانەوە پێویستە یاسایەک هەبێ بیپارێزێ، کچان و کوڕان ، دایک و باوک لە خێزاندا پێویستە وەک یەک بەهرەمەند بن بە مافەکان و، وەک یەک سوود لە توانا و بەهرەکانیان وەربگیرێت و ئەرک بکێشن لە کۆمەڵگەدا. بۆ ئەوەی سیستەمێکی سیاسی دیموکرات بنیاد بنێی، پێویستە کۆمەڵگە و کلتوورێکی دیموکراتت هەبێ، بۆ ئەوەی ئەوەشت هەبێ، پێویستە دامەزراوی خێزان دیموکرات بێت و، تاکی ڕەوشتدیموکرات بێنێتە بەرهەم. ئەمانە زنجیرەیەکن، بە ونبوونی هەر هەڵقەیەکیان، پرۆسەکە کەمایەتی تێدەکەوێ و، بە ئاکامێک ناگات.
- خەروارێک میکانیزمی تریش هەن ، کە من لێرەدا مشتێکم لێیان باس کرد. هەموو ئەوانە پێکەوە دەتوانن تاکی دیموکرات، خێزانی دیموکرات، دامەزراوی دیموکراتی و سیستەمێکی سیاسی دیموکراتی پێکبهێنن.

## ئەنجام:

- دیموکراتیزەکردن پرۆسەیەک نییە لە سەرەوە بۆ خوارەوە ئەنجام بدرێت. واتە ناکرێ سەرەتا دەوڵەت و سیستەمی سیاسی و حکومەت دیموکراتیزە بکرێن و ئینجا ئەوانی تر. بەڵکەپێویستە هاوکات دوو میتۆد کارابکرێنەوە بۆ دیموکراتیزەکردنێکی ڕاستەقینە و سەرتاسەری کلتووریی. میتوودی کۆن، واتە دیموکراتیزەکردن لە سەرەوە بۆ خوارەوە، ناتوانێ ئەرزشێکی ئەوتۆی

هەبێ و زیاتر دیموکراسییەکی شەکڵی و چاوخەڵەتێن بەرهەم دەهێنێ. ئەو دوو مێتوودە زانستییەی پێویستن لەم قۆناغەدا، ئەمانەن:

میتودی یەکەم: میتوودی لە خوارەوە بۆ سەرەوە، واتە لە باوەشی دایکە و لەگەڵ شیری دایکدا پرۆسەکە دەستپێبکات و، لە باخچەی ساوایان و قوتابخانەکان و زانکۆکاندا بەردەوام بێت وەهەموو قۆناغەکانی تەمەنی تاک بگرێتەوە.

میتوودی دووەم: میتوودی هاوتەریب، واتە هاوتەریک کار بۆ دیموکراتیزەکردنی هەموو دامودەزگاکانی دەوڵەت، دامودەزگا کۆمەلایەتی، ئابووری و کلتوورییەکان بدرێت. بە گەڕخستنی ئەو دوو میتوودە پێکەوە، دەتوانێ لە ماوەی بیست، تا بیست و پێنج ساڵێکدا ئەنجامێکی ئایدیال بداتێ بە دەستەوە،

- هەر یەک لە دامەزراوەکانی کۆمەلگە، بۆ ئەوەی بتوانرێ ناوی کۆمەلگەی سیڤیلی لێ بنرێت، پێویستە سەربەخۆیی تەواوی خۆی هەبێ و، پەیوەست نەبێت بە ئەم یان ئەو حیزبی سیاسیەوە. لە هەموو دامەزراوەکانیش گرنگتر دامەزراوی پەروەردەییە. سیستەمی پەروەردە پێویستە ئۆتۆنۆمییەکی تەواوی هەبێ و لە دەسەلاتی سیاسی جیابکرێتەوە.
- ڕۆڵ و بایەخی ژن پێوەرێکی کاریگەر و ڕاستەقینەیە، کە دەکرێت ڕادەی دیموکراتیزەکردنی کۆمەلگەی پێ بپێورێت.

**دوا وتە:**

هێشتا هیچ بناغەیەکمان نییە بۆ کلتووری دیموکراسی، دەبێ لە سفرەوە دەست پێبکەین. ئەوەی تا ئەمڕۆ ناوی لێ نراوە ئەزموونی دیموکراسی تەنها خۆخەڵەتاندن بووە. ئەگەر نیاز وابێ ئەم کلتوورە بهێنرێتە ئاراوە و لە ئەمڕۆوە دەستپێبکرێت، دەبێ خاوەن تفەنگەکان بکشێنەوە و خاوەن قەڵەم و زانستەکان بێنە مەیدان. کلتووری دیموکراسی پێویستە کەسانی لێهاتوو و پسپۆر بەرنامەدارێژی بن. کەسانی پسپۆری خالی لە هەر خڵتەیەکی کلتووری باوکسالاری و خێڵەکێتی و حزبایەتی بەرتەنگ و پاشکەوتووخوازی. ژنان لە بنیاتنانی ئەم کلتوورەدا بەشدار بن و بەشدار بکرێن. خۆیان تەیار بکەن و تەیار بکرێن. دیموکراسی بێ ژن مەحاڵە بێتە دی.

...

تێبینی: ئەم بابەتە لە کۆنفرانسی ئەمستردام، کە ڕۆژانی 20-21 ی حوزەیرانی 2003 ، لە لایەن کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستانەوە سازدرابوو و بەڕێوەچوو، پێشکەشم کرد.

## کۆمەڵەی ئەلف و بێی کوردی لە سوێد

**ئەم کۆمەڵەیە لە پرۆژەیەکیدا بەناوی (پرۆژەی ئامادە کردنی کتێبی خوێندنەوە بۆ فێربوونی زمانی کوردی) ئەم کتێبانەی خوارەوەی بە چاپ گەیاندوە.**

1. **گەرمیان**
2. **باوەگورگوڕ**
3. **دیلان**
4. **ڕۆژباش**
5. **هەزار و یەك پرسیار**

**کتێبی یەکەم و دووەم و سێیەم لە نووسین و ئامادەکردنی فەهمی کاکەیی و مەهاباد قەرەداغی و ئەمجەد شاکەلی، پێداچوونەوەی زمانەوانی لەلایەن فەرهادشاکەلی ئەنجام دراوە.**

**کتێبی ڕۆژباش بریتیە لە دوو بەشی یەکەم و دووهەم لە ڕاهێنان بۆ فێربوونی ئەلف و بێی کوردی. کتێبی هەزار و یەك پرسیار بریتیە لە وەرزشێکی پرسیارئامێز بۆ گەشە دان بە مێشکی مندالان. ئەم دووکتێبە لە نووسین و ئامادە کردنی مامۆستا فەهمی کاکەییە.**

سەبارەت بە نووسراوەی ژمارەی پێشو ئەمجارە لەسەر پێگەیشتنی منداڵ، چۆنایەتی جیابوونەوەی منداڵ لە دایکی و کەسایەتی منداڵ باسەکەمان درێژە پێدەدەین.



**پەروانەی قورەیشی**

لە ڕوانگەی Margaret Mahler منداڵ بە سێ قۆناغ تێدەپەڕێ

1 - قۆناغی فەرق و جیاوازی

2- قۆناغی تاقیکردنەوە

3- قۆناغی جارێکی دی خۆنزیك کردنەوە

پاش ئەوەی کە منداڵ لە نێو هێلکەی یەکبوون لەگەڵ دایکدا وەدەرهات لە (لەنێوان 6 وەیا 8 مانگدا) منداڵ دەگاتە قۆناغی تاقیکردنەوە. لەم قۆناغەدا منداڵ زۆر بە کەیفە، بۆئەوەی ئەوها لەحاڵەتی کەشفکردنی جیهاندا سەرتاپای ژیانی پڕە لە کەیف و خۆشی و کامەرانی، بۆ ئەوەی کە دەبینێت ئەو دەتوانێ بەهێزی خۆی (هەرچەندە هێشتا کەمە) شتێك جێبەجێ بکات و پێیوایە و گەرەکیە کە هەرگۆشەیەکی دنیای دەورو بەری، دەبێ بە دەستی ئەو کەشف بکرێت. ئەم دەورە ناوی نراوە (خۆشبوونی دنیا (خۆشبوونی جیهان).

ئەو کاتەی کە منداڵ بەچوار دەست و پێ لەم سووچەوە بۆ ئەو سووچی ئاومال، گاگۆڵکێ و گڕوگاڵ دەکات، پێدەکەنی و هاوار دەکات، دنیا بە مڵکی خۆی دەزانێ‌و پێیوایە دنیا لەژێر پێی ئەودایە. ئەمە ئەوە و هێز و تواناى ئەوە کە دنیای دەوروبەری دەگۆڕێ. بۆ نموونە لەهەمان حاڵیشدا منداڵ نازانێ کە دایکی بەرگری لەوە دەکات کە نەکەوێت و ئازاری پێ نەگات.

شادی‌و خۆشی منداڵ سەبارەت بەکارەکانی و هەست بە سەربەخۆیی، بۆ ئەو زۆر گرینگە. منداڵ لێرەدا جیاوازی لە نێوان خواست و ئارەزو و عەمەلدا دانانێت، هەرسێکی وەکو یەك دەبینێت. بەڵام ئەم سەردەمە زوو بەسەر دەچێت و ئەم بەهەشتە کۆتایی دێت.

لە تەمەنی 14مانگی‌دا منداڵ دەگەیەتە دەورەی دووبارە نزیکبوونەوە. ئەم دەورە پڕە لە کێشە و گیروگرفت. منداڵ دەبێ خۆی لەگەڵ واقیع و سنوورەکانی دنیای دەوروبەری هەمبەریکات و بگونجێنێ. ئەو واقیعە وە یا ئەو ڕاستیە قەبووڵ بکات کە ئەو (وابەستە) پاوەندە بەدایکیەوە، یان بەوکەسەی بەخێوی دەکات.

هەرچەندە کە منداڵ دەتوانێت خۆی زۆرشت بکات بەڵام ئەو دەیەوێت دایك و باوك لەگەڵیا شەریك بن، ئەوان واتە (دایك و باوك) هەمووکاتێ ئەو کەشفیاتەی منداڵ دەیکات بەڕاستی بزانن و سەربەخۆیی ئەو بەشێوەکی ڕەسمی قەبووڵ بکەن. منداڵ دەیەوێت دایکی لەهەموو کردەوەکانیدا بەشدار بێت، زۆرجار منداڵ دەیەوێ خواست و ویستی خۆی بەشێوەیەکی دیکتاتۆریانە بەسەر دایکی‌دا داسەپێنێ. ئالێرەدا منداڵ تێدەگات کە ئەو لەدایکی جیایە و دەتوانێت خۆی لەدایك دوورخاتەوە، لەهەمانحاڵدا دایکیشی دەتوانێ خۆی لەو دوورخاتەوە.

منداڵ پێی وایە کە ئەو هێزو توانایەکی جیاوازی هەیە کە دەتوانێ دایکی بەتەواوی کونترۆڵ بکات، پێی وایە کە کارەکانی دایکی لەژێر هێزو فەرمانی ئەودایە، وەیا ئەمە ئەوە کە دنیای دەوروبەری دەگۆڕێ. (کاتێ کە منداڵ گەورەتر دەبێت هێشتا پێی وایە ئەگەر بۆنموونە باوکودایکی شەڕ بکەن پێیوایە ئەو سەبەبی شەڕی نێوان ئەوانە، وەیا ئەوان پێکەوە تەبان و ئەمێنن (بەشێوەیەکی ناخودئاگا) خۆی بە بەرپرسیار دەزانێ. بە ڕای Jessica Benjamin منداڵ دەیەوێ وەکو ئاغا بەسەر ژێردەستەی خۆیدا ڕەفتاربکات.

Hegel لە نووسراوەکەیدا Phänomenologic des Geisteg باسی دووخواست یان دوو مەیل دەکات کە لەگەڵ یەکترا ناگونجێن، لەلایەکی تریشەوە خواست و نیاز بە سەربەخۆیی تەواو، وە لەلایەکی تریشەوە ئارەزووی دانپیانان. بۆ دانپیانان قەبولبوون هەمیشە پێەیست بە subjekt ێکی دیکەیە. لێرەدا دووکەسی ئازاد دەبینرێت کە بەرامبەر یەکتری ڕاوەستاون، وە هەریەك لەوانە دەیەوێ لەلایەن ئەوی ترەوە وەکو کەسێکی سەربەخۆو خاوەن ڕێز بناسرێت. خواست و ئارەزوی سەربەخۆیی تەواو مەحالە. بۆئەوەی کە بۆ جێبەدێ بوونی خواست و ئارەزوەکە دەبێ subjekt ێکی تر ببێت کە ئەم خواستە دان پیابنێت. تەنیا subjekt دەتوانێت دان بنێت بەودا. ژێردەستەیی و چەوسانەوەی مرۆڤێ لەلایەن مرۆڤێکی دیکەوە (لەرابیتەی نێوان ژن و پیاودا) لە ئەو کاتەوە دەست پێدەکات، کە مرۆڤ نەتوانێت یان نەیەوێت ژێردەستەیی خۆی بەمرۆڤێکی دیکەوە پێ

قەبول بێت. بۆ پەیوەندی منداڵ لەگەڵ دایك و دنیای دەوروبەری‌دا بار و دۆخێکی زۆر خراپە. ئەگەر منداڵ نەیەوێت و نەتوانێت لە فانتازی و خەیاڵی ئەو کە هێزو توانایەکی ئێجگار زۆری هەیە دەست بکێشێت و پێی وابێت کە ئەتوانێت سەربەخۆبێت بێ‌ئەوەی کە باوەڕی بە سەربەخۆیی ئەوی دی بێت، وەیا ئەتنیا و تەنیا سەربەخۆیی خۆی پێباش بێت. (منداڵ وادەزانێ! "دایکم تەنیا بۆئەوە زیندوە کە خواست و مەیلی من جێبەجێ بکات". یا کە دایك وەکوو کەرەستەیەك بێت کە خواستەکانی منداڵ وەدیبێنێت، پێی وابێت کە دایك ها لەژێر فەرمان و دەستووری ئەودایە).

منداڵ پێی وایە کە ئەو و دایکی یەکن و لەیەکتر جودا نین (دایکم منە و کونترۆڵی ئەو لەدەستی مندایە).

بەکورتی منداڵ قبوڵناییت کە دان بەوەدا بنێت کە دایکی مرۆڤێکی ترە، مرۆڤێکی سەربەخۆیە لەژێر فەرمانی ئەودانیە. منداڵی‌تر هەن کەدایك وەکوو مرۆڤێکی خاوەن توانایەکی زۆر دەبینن و خۆیان بێ‌هێز و لاواز دەزانن. ئەمەش هەر کونترۆڵ کردنی دایکە، بەڵام بەشێوەیەکی دی. بۆنموونە من باشم و خاوەن توانایم، بۆئەوە من وەکوو دایکمم چونکو ئەو زۆر باشە و بە توانایە.

لێرە دەگەڕێنەوە سەر باروودۆخی دەروونی دایك و هەڵس و کەوتی لەگەڵ منداڵدا. دایکێ وەیا باوکێ کە توانای ئەوەیان نەبێ، بەرانبەر بە منداڵ سنوور دابنێن و منداڵ هەرچی بیەوێت بتوانێت ئەنجامی بدات. منداڵی وا هەیە بەرانبەر بە دایك و باوکدا هێرش دەکات، یا لەخەیاڵی فانتازی و یا بەئاشکرا دەیەوێ دڕندەی پێ بدات، و بەهیوای دروستکردنی سنوور و کۆسپێکی قین و (خەصم). منداڵی سادیست ئەومنداڵەیە کە دایکوباوك هەزارجار مەکەرۆڵەی پێ دەڵێن بەڵام تاقەجارێك لەو هەزارجارە شێوەیەکی ڕوون و موشەخەس نیە. منداڵ هیچ کاتێ ڕووبەڕووی مەورد (Objekt) واقیع وگیاندار نابێتەوە کە ئەتوانێت ئەو لە بەین ببات (لەخەیاڵدا). ڕەفتار و کرداری دوایی مرۆڤ لەگەڵ هاوژیان و کەسی‌دی، هەروەها کێشە و گرفتەکانی لەگەڵ هاوژیان و خەڵکی‌تر، سەرچاوگەکەی ها لەشێوە و شکڵی جیابوونەوەی لەگەڵ دایکدایە، یا ئەو کەسەی کە بەخێوی دەکات. لەلایەکی دیکەشەوە سەرچاوگەی خۆشەویستی (خۆشەویستی نێوان دوو جنس وەیا جنسی یەکسان) ها لەسەرەوەی منداڵییەوە و لە دەستپێکردنی ژیانی منداڵەوە دروست دەبێت.

ریشەی خۆشەویستی (Erotik) نزیکی قووڵ و فراوانی نێوان دایك و منداڵ و پێکەوە بەستراو بوونی ئەوان دروست دەبێت. پێویستیو گرینگی گەرمەی خۆشەویستی دایك بەرانبەر منداڵ و ڕەنگدانەوەی لەسەر گەشەکردنی منداڵ و پێگەیشتنی ژیانی گەورەساڵی خاڵێکی زۆرگرینگە. نموونەی خوارەوە گرینگی وتەی سەرەوە ڕوون دەکاتەوە.

لە تاقیکردنەوەیەکدا (Experiment) کە لەسەر مەیمون دراسەت کراوە، گرینگی بوونی دایك بەم شێوەیەی خوارەوە دەسەلمێنن. پاش لەدایکبوونی مەیمون، منداڵە مەیموونەکە لە دایکی جیادەکرێتەوە و لە جێگای دایك شتێکی‌تر بەدەڵ لەوێ دروست دەکەن و برێك پووش دەخەنە سەری. منداڵە مەیموون پێی‌وایە ئەوە دایکە، کاتێ گەرمای دەوێ خۆی لەپاڵ ئەو "دایکە" بەدەڵە دروستکراوە دەخزێنێ. پاش ئەوەی کە گەورە دەبێت، ئەوەندەی کە لەسەر ئەم مەیموونە دراسەت دەکەن دەبینن کە بە پێچەوانەی مەیمونەکانی‌دی کە لەگەڵ دایکیان گەورە بوون، ئەم مەیمونە بێ‌دایکە ناتوانێ وەکو ئەوانی‌دی جوتگیری بکات و بەتەنیا دەمێنێتەوە و زیاتر لەگۆشەیەکدا دادەنیشی و تێکەڵ ئەوانی‌تر نابێت.

زانایەکی‌دی ئاڵمانیR.A.Spitz کەلەسەر ئەو منداڵانەی بێ‌باوك و دایکن و لە شوێنی تایبەتی‌دا کە منداڵانی بێ‌باوکو دایکی تێ‌دا گەورە دەبن، بەم ئەنجامە گەیشتووە کە ئەم منداڵانە لە تەمەنی گەورەساڵی‌دا زۆربەیان لە ژیانی جنسی‌دا تووشی مشکیلە دەبن و بە ئاسانی ناتوانن هاوژیان وەیا وەکو یاری جنسی بۆخۆیان پەیدا بکەن.

سەرچاوەکان
Jessica Benjamin
Margaret Mahler
R.A.Spitz

# چەمکێکی چکۆلە لە ڕۆمانی سارا!

بەشی حەوتەم



## نووسینی عەلی کیتابی

پاش شەوو ڕۆژێک میوانداری مام ڕەمەزان بە بارە نارنەوە بەرەو میشیاو و ئەحمەدیش بەرەو گوندی سرنتەئە لە گوندی ماسیەر وەدەرکەوتن.

ئەحمەد لەگەڵ لەلایەلای ڕێگەی دەرەکوردان و پەنای شەخسەکەی پیریەشیر دەردەکەوی کوروکاڵی بەرهەمیوانی مزگەوت و کچانی سەرکانی وەدیی دەکەن. کچان بەپۆل و پەلەپەل مزگێنی بۆ پیرە دایکەکەی دەبەن. کورانیش ڕاستەوخۆ پیشوازی لێدەکەن منداڵانیش دەیکەنە قاوو قوو دەڵێن: ئەرێ‌وەڵا؟ ئەوە کاکەحەمەدە هاتەوە. کیژۆڵەیەکی نابالق تێ‌دەقوریشکێنێ‌و درگا بە پورامین دەگری دەڵێ:

پیرۆزێ مزگێنیم گەرەکە مزگێنی کاکەحەمەدگیان هاتەوە. پورامین دەست دەداتە کۆڵەوەژی تەنورەکەی دەیداتە لەنگەری لەشی کورە کوڕ دێتە دەرەوە دەڵێ: کوانی بەقوربانی کەوشەکانتیم کوانێ‌کوا؟

- ئەوەتانێ هاها گەیشتە پاڵ لەپالرانەکان

پیرۆزێ هەرئەوەندیە وەک شەمشەمە کوێرە بێتە باڵ و بەسەر ناودرگەکەدا بپەرێتەوە بەڵام تلۆر دەبێتەوە. کورەجحێڵێک پڕێ دەداتی هەڵیدەستێنێ دو کچە هازەب دەچنە ژێرباڵی. لاوانی گوندئەموەی ئەحمەدیاندارە ئەحمەد کەدایکی دەبین بەناچاری دێن بە پێشوازی کەرانی دەدات خۆی دەگەیەنێتە دایکی لەئامێزی دەگرێ دەمولێوی پڕچرچولۆچی هەڵدەمژێ ئەشکی شادی بەخوڕ لەچاوی هەردوکیان دەڕژێتەخوارێ. کوڕوکچو پیاوو ژنانی گەڕەک لە دەوریان کۆ دەبنەوە. ئەحمەد چ ئەحمەد دەڵێی تولەئەسامە، هەر لەخۆی‌جوانە کەپیرەپیاوان لاچاوی ماچ دەکەن ئەویش بەدەستیاندا دەنوسی و ڕاپاندەبۆسی بە شێوەی‌زاراوەی تازەی سلێمانیانە سڵاوو خۆش وبش لە هاوسێ و دراوسێکانی دەکات. شەپۆلی شەوقوشادی لەبەر ماڵەگلێنەکەی پورامین مەوج دەدات دیمەنێکی شیرینی خولقاندوە. لەبەر بێجی‌ڕێیی ناچارن بەرەو بەرەدەرکی مزگەوت جێگۆڕکێ بکەن برێک مەیدان بۆ دایکوفرزەند خەڵوەتکەن.

کە ئەحمەد و دایکی دەچنە ماڵەوە ئەحمەد دەڵێ:

- دایەگیان زۆرم مەراق بو خوانەخواستە تا دێمەوە ئەمیشی و بەم چلە جوانانەی بۆم هێناوی ئەتم بینی‌با. دەمەستە دایەگیان لەبەریانکە بابەم چلەجوانانەوە کەتاتێستا خانمەکانی فەیزوڵابەگی لەبەریان نەکردوە با بتبینم.

لەکاتێکدا دایکوفرزەند بە تامەزرۆییەوە سەرگەرمی ڕازو نیازن مەبەی مام باپیرخۆری لەکاتەماڵ و دەڵێ:

کاکەحەمەد گیان مامۆستا و پیاوماقوڵانی گوند منیان بەدوای تۆدا ناردوە دەڵێن خۆ لەهیچ ماڵێکدا جێمان نابێتەوە باشتر وایە بێتە مزگەوت با بەتێکڕا تامەعمان لێی بشکێ و بەسەرهاتەکەشی بۆمان بگێڕێتەوە.

ئەحمەد دەڵێی لەحەج گەڕاوەتەوە. بۆ یەکەمجارە ژن پێ دەنێتە ناو مزگەوتەوە، چونکە بە گوێرەی یاسای ئیسلام لەبەر ئەوەی ژن لەکاتی قاعیدەدا بۆماوەیەک پاپۆشەکەی خوێناویە. مزگەوت لەژن حەرامکراوە.

پورامین سونەتی حەدیسی ئەبەوی پێشێلکردوە سەدرنشینە مامۆستا ڕودەکاتە ئەحمەد و دەڵێ: ڕۆڵە قەی‌ناکا پرسێکت پرتەکردین ڕۆیشتی سەفەرت کرد خەڵکی زۆر بۆت نیگەران بون. ئەحمەد دەڵێ:

زۆربەی دانیشتوانی حازری و غاییبی ئەم مەجلیسەیش دەزانن پارەکە پیرە پیاوێکی لێقەوماو وماڵ بەکۆڵ و ژن مردو لە کێو و لەماڵەوە بو یەکەمینجار بو بە میوانی کێو

و ماڵم. ئەو کابرا ئاوارەو دەربەدەرە بە خۆی و سێ‌منداڵی وردیلە و دایک مردو لە دو شەوو ڕۆژدا بە گێڕانەوەی وەزع و ژیانی ژاراوی‌و پڕ مەینەت و لێقەوماویی خۆی منی لە دنیایەکی تاریک و تروک خستە ناو دنیایەکی ڕوناک و پڕلە جەوروجەفا و نایەرایەر. تا ئەو وەزعی ژیانی زاهیر و باتنی دەرونی و بیرونی خۆی بۆ باس نەکردم من نەخۆم و نەئەم پیرە دایکەم و نە ژیانی ژاراوی باوکی خۆمم لەژێر پلاس و پێچکە کورسیەکی دەسکردی باوکو دایکی خۆمم دەرک دەکردبو. ئەو پیرە پیاوە لێقەوماوە بویە مامۆستام بریارمدا وە دوری کەوم. بەڵام بەداخەوە بە ئاواتی خۆم نەگەیشتم.

عەبەی مامباپیر لە سکوتی مەجلیس و حەسرەت و ماتەمینی پورامین کوڵکی وەرگرت و وتی: وەدووی خۆی کەوتی یان وەدووی سارای کچی؟

ئەحمەد هەناسەیەکی سارد هەڵدەکێشی‌ودەڵێ:

دیارە هەرکەس لە ڕوانگە و میزانی ئاوزی خۆیەوە دنیا دەبینی و دەی‌ناسێنێ. پورامین لەناو مەجلیس و مزگەوتەکەدا هۆنەهۆن دەگری و فرمێسک هەڵدەوەرێنێ.

ئەحمەد دزانی دایکی بۆچی دڵی کەیلە دەڵێ:

- دایەدیان ڕەنگە گەڕابێتەوە بۆ گوندەکانی باخ و بەیتوولی. مام باپیر دەڵێ: دەی ئەحمەد گیان باسی ژیانی خەڵکی گەرمێنمان بۆ باس بکە. ئەحمەد دەڵێ:

بە ئیسبەت ئێرە لەوێ هەر پارە دەبارێ بەڵام خەڵکی گەرمێن زۆر لەمەڵ ە ئەوەزمان. زۆربەی هەرەزۆری گوندنشینەکانی گەرمێن شوان و گاوان و مجێور و جوتیار و پاڵە و سەپان و توتنچی و گۆخڵ و مەرەزەوانیان هەمووی کریکاری فەسڵی و دایمیان کەسانێکن وەک من کوێستانێن. ئەوەی زۆر سەیرە ئەوەیە ئەوان کەخاوەن کار و ئاغا یاڵەسەرین بەسەر ئەو خەڵکە ڕەش و ڕوتەی لە کوێستانەوە بۆ وە چنگ هێنانی بژیو دەچن دەبنە نۆکەر و مزوریان. ئەو گشتە بەرهەم و خێرو بەرەکەتەی کەوەک بارانی بەهار بەسەر خۆیان و کێڵگەو زەوی وزارەکەیاندا دەبارێ بەئەسیبیان نابێ. زۆربەی ئەوکەسانەی کە بەرۆڵەت خاوەنی کێڵگەو کشتوکاڵ و دەیان کرێکار و وەرزێر و جوتیارن. پایزان تەک بە قەدرابی یەکێک لەکرێکار و پاڵەکانیان بۆ نامێنێتەوە بەڵکوو بریکیش لەسەر ئەو قەرز و سوود و سەلەمەی لە تاجر و چەقاڵ و بەقاڵی شارەکانیان کردوە بێمایەو قەرزاریش دەمێننەوە. بەکورتی بڵێم بێ ئەوەی تێبگەن و بەخۆیان بزانن کە خۆیان بەو گشتە پێز و قوێز لێیانەوە بەسەر جوتیار و کریکارەکانیانەوە نۆکەرێکی بێ خەڵات و بەراتی تاجرە سور و سەلەم خۆرەکان و حاجی بازاڕی و چەقاڵ و بەقاڵی شارەکانن.

بەڵام هەرکەس کاسبێکی بزێو بۆبێت و لەباری ئیخلاقیشەوە ئەواو بێت! زۆر زوو دەتوانێ بەرەنجی شانی گیرفانی پڕکات. بەڵام هەرکەس هەوەسبازبێت! وەک بەرخە کۆریە سەری بڕن ناو لەناو لەکان ناخوات قاتێ لەبەرانبەر خەڵک و قانووندا سەربرزە بە بەرزی باقانەوە.

کوشت و کوشتار لەوێ نابڵێی زۆرە بەشی زۆری گەرمێنی لەسەر درێ و ڕێگری و تالانگەری شەوانە بەگوللە دەکوژرێن. زۆر سەیرە هەرکەس شەوانە شەوکوت وائە دزی لەتاریکە شەودا یان تاڵان دەبەنێ بەپیاوی ئازاش پیستری ئاتەو لەشەریان لە کوژەکانیان ئەوەیە کە بەیانیا بەسەر کوڕ خەرالووەکانیاندا دادەخوێن و دەڵێن: هەستە هەستە هەی هەتیوە خوێڕیە. ئاخر سەرملەت بۆ گرتووم. تاڵانت بۆ هێناوم! خەوبەرت نادا دەڵێی لە شەرکەت و لەشکر شکاندن گەڕاویتەوە.

دانیشتوانی مەجلیس و مزگەوت گشت گیانیان کردۆتە گوێو بۆ ئەحمەدیان شلکردوە. مجێوری مزگەوت مۆرەیەک لە پورامین دەکات و لە مەلا نزیک دەبێتەوە و بەسپایی بەسرکە دەچپێنێ بە بناگوێی مامۆستادا. کورە جحێڵەیەکی قولچماخیش لە جیەکەیان تێدەگات. دەدات لە پرمەی پێکەنین و دەنوارێتە ناو چاو فەقێیەکدا و دەڵێ: من کەسی وا دەناسم کاری خراپیشی کردوە و تاراتیشی نەگرتووە و هەر ئێستاکیش لەناو ئەم مەجلیس و مزگەوتەدا دانیشتووە؟!

مزگەوت ئەغوەن و ئارام جمەی دێ لە دانیشتوانی گوند. ئەحمەد دەڵێی پیرە حاجیە

# سەبری خان

سەبری خان ئافرەتێکی خەڵکی سەرقەڵای کفری بوو،
لە نێوان ڕێگای گردەنورو دەربەند بێلوولەدا بەتەنیا ئەژیا،
ڕازی نەبوو بچێتە ناو ئۆردووگاوە یا بگەڕێتەوە بۆعیراق،
ئەم ئافرەتە تووشی نەخۆشی (شیزۆفرینیا) بوو.

سەبە ...
ئەندێشەی ژیانت
کۆمای گڵی کردە چاوی خۆم و شیعرم
بۆحەسانەوەی سەفەری دوور و درێژ
بۆتە دەواری سەرەڕێ
بۆتە کەپرم
خەمم... زامم
هەزار خەمە ... هەزار زامە
بەڵام سەبە ...
بۆ بوگەنی ... بۆنابووربوونی سەرمایە
سەرگوزەشتەی تۆم کردۆتە!
ماخولانە ... ماخولانە!!
ژیانی من ... گریانی تۆ
گریانی من ...ژیانی تۆ
گێژەنێکە زۆر بێ پەیە!
ئەی کۆتایی
کۆتایی مەینەتی کەیە؟!
سەرسوڕمانە ... سەرسوڕمانە!!
لەکاتێکا خەم دامنەگرێ
بۆمەینەتی تۆی بێ لانە
پێ ئەکەنی
گوڵاوی خەندە ئەپڕژێنێ
من نازانم ...
پێکەنینت بەمندێ یان بەم ژیانە؟!
هەڵۆی خۆزگە و هیواکانت
بۆ کام جێ؟!
بۆکام ئاسمانی دوور هەڵئەفڕێ
کام ئاوازی تاسە و دیدار ...
لە ژێکانی ئەندێشەت دا لێ ئەدرێ؟!
لای تۆ کام تیۆر تازەیە؟
کام ژێی بیرت ...
لێدەری ئەم پێکەنین وئاوازەیە؟!
پێ ئەکەنیت،
بەوەی ناتوانین وەك تۆی دڕندە بژین؟




یان تۆ ناتوانیت
وەك ئێمەی مرۆڤ بژیت؟!!
لەناو توێشووی توند جەڕاوی
بیری خەڵکا شێتی ... هاری
بەڵام سەبە ... مشتێ پارە . . تۆ نە کاتە ...
سەبەی شۆخ و شێوە پەری
نیو چارەکە زێڕ و تەڵا تۆ نەکاتە
ئەستێرە گەشی سەر قەڵا
ئاخ سەبە ... ئاخ !!
لەم دنیایەی من و تۆ دا
پارە ئامانجە نەك هۆیە!
پارە چەشەی قازانجێکی تازە ترە و،
نە بۆ ئاسوودەیی منە و،
نە بۆ ئاسوودەیی تۆیە!
کێ ئەڵێ تۆ دایکی گیڤارا نە نە بووی؟
یان لینین لە تۆ نە نەبوو ؟!
ئەی ئەو وەختە کێ ئەزانی
ئاوەڕۆی ئەم ژینە مەنگە
بۆ کوێ ئەچوو؟!
هەرچەندە تۆ
لە ئاهەنگی ژین و بوونا
لە کۆڕ و بەزم و ئەریت و
ئاولێنانا
شەپۆلێکی بێ کەناری
لووتکەیەکی بێ بناری
گۆرانیەکی ناسازی
شیعری لەنگ و بێئاوازی
بەڵام سەبە ... تانەتوانی .. لەگەڵ مندا
تف هەڵدەبۆ دنیای ستەم و جیاوازی
لای منیش تۆ (نودرەی نسبی) ت
تۆ زۆر جوانی
سەبە شێت نیت
سەبە خانی !!! دەربەندیخان 1991

× تێبینی: ئەم شیعرە لە ئەیاری 1995 دا لە هوڵی نووسەران خوێندرایەوە























